## ماموستا مەلا عبدوولكریم مودەریس .... مودەریسی نەوەكان ... راپورتی: ریژین ئیبراهیم

بنكەی ئەدەبی و روناكبیری گەلاویژ بۆ ساڵرۆژی كۆچی دووای زاناو روناكبیر (ماموستا مەلا عبدولكریم مودەریس)، سەرلە ئێوارەی 2006/8/30 كاتژمێر 5:30 لە هۆلی دیالۆك مەكتەبی رێكخراوە دیموكراتیەكانی لە سلێمانی، كۆرێكی بۆ ساڵرۆژی ماموستاو رووناكبیری گەورەی كورد ماموستا مەلا عبدوولكریم مودەریس لە ژێر ناوی (ماموستا مەلا عبدوولكریم مودەریس .... مودەریسی نەوەكان) لەو ئێوارە كۆرەدا ژمارەیەكی زۆر لە زانایانی ئاینی و مەلاو كەسایەتی ناودارو، زۆریك لە رۆشنبیران و دڵسۆزانی ماموستا ئامادەبوون، لەسەرەتای كۆرەكەدا دەقیقەیەك راوەستان بۆ بەرز راگرتن و گیانی پاكی ئەوشەهیدانەی كە گیانی خۆیان بەخت كرد بۆ نیشتمان و بۆ هەموو ئەوشەهیدانەی كە لەو پێناوەدا گیانیان بەخشی، و دواتر مەلا عبدول هادی چەند ئایەتێكی لە قورئانی پیرۆز خوێندەوەو لەپاشاندا ووتاری سەرۆكی پێشوی بنكەی ئەدەبیی و روناكبیری گەلاویژ ووتارێكی خوێندەوەو تیایدا باسێكی ووردی ماموستای كردوو، لەدرێژەی قسەكانیدا ووتی" من رەش بین نیم بە كۆچی دوای ماموستا مودەریس بەلام بەلەدەستدانی زانایەكی گەورە زەخیرەیەكی نەتەوەیمان لەدەست چو، چونكە دوای ماموستا كەسێك نیە جێگەو شوێنی ئەو بگرێتەوە و لەكاتی تەنگانەدا پەنای بۆ بەرین وپرسیاری لیچ بكەین "، دوابەدوای ئەم ووتارەش دكتۆر عیزەدین مستەفا رەسول لەوتەیەكی كورتدا باسێكی چرو پری مودەریسی كرد لەسەرەتای قسەكانیدا ئاماژەی بەوەدا كە كاتی ئەوە هاتووە مزگەوتەكانی كوردستان زیندو بكەنەوە و برەوی پێبدەن چونكە لەسەرەتادا مزگەوتەكان تەنها بۆ عیبادەتوو نوێژ كردن نەبوو بەڵكو چەندین كەسی بەتوانای لەبوارە جیاجیاكاندا پێگەیاندو بووە مەڵبەندی عیلمو زانیاری، لەبارەی ژیان ونوسینەكانی ماموستا مودەریسەوە روونی كردەوە دەبێت هەمیشە ئەوە بزانین وو بزانین ئەو دەستەڵاتە زانایە چیەو چۆن لەو هەموو بوارە جیاجیاكاندا بەكاربراوە، چۆن چۆنی ماموستا توانیویەتی بوارە سەختەكانی و سەرفو زانیاریو حەدیس و كەلا وم لەو ئاستەدا بخاتە ژێر ركێفی قەڵەمەكەیەوە، ئەو هەزارهەزاران لاپەرەی پرشنگدارانەمان بۆ تۆمار بكات، هەروەها ووتی نابێت ئەوە لەیاد بكەین كە ئەو وەچەرخان و ئاورانەوە پرمهیرو سەركەوتوانەی ماموستا لەبوارە ئاینەوەبۆ بواری شیعرو ئەدەبی كورد هەمان رێچكەی شێخ محەدی خاڵ و سوجادی نەمر كەئەمە خۆی لەخۆیدا جۆرێكە لە ئەدەبی كوردی لەلایەن پیاوە ئاینیە نیشتمانیەكانی كوردستان، لەپاشاندا هەریەكەلە مەلا محەمەد دەڵگەیی و ووتاری زانایانی ئاینی لەلایەن ماموستا محمەد علی قەرەداغی خوێندرایەوە وو لەكۆتایدا ووتەی بنەماڵە لەلایەن ماموستا محمود مەلا كەریمەوە خوێندرایەوە كۆرەكە كۆتای پێهات.